شیعر



يووسف لەتيف

# نامۆیی

خۆم لەو تاڵە باریکانەوە دەپێچم
کە لە پرچت تاڵ بوونەوە و کەوتنە دەم با
سەرابە بەدوویدا بگەڕێیت و هەر نەیگەیێ
خەسارە بێهودە وەدووی بکەوی و نەیگەیتێ
ئەمن لەم قەراغی عومرەوە تاخوا حەز بکا
تا چاو لە شینایی ئاسمان تەی
هەر لەو ڕۆژە جوانانە دەمێنم
کە تۆ هاتی
کە ئاوەدانییەک بووی بۆ قوڵایی تەنهاییم
***
ببورە کە نەمتوانی هەرچی هەیە
هەر هەموو چەپکە گۆرانییەکانم
هەر هەموو موچوڕکی تەنهایی
بۆنساردی وڵاتی خۆم



شکست و چاوەڕوانییەکانم
خەیاڵ و خەونی موسەدەقم
گۆزەی سارد و بەتاڵی تینووم
بشکێنم
هەینێ بڵێم بەیانیت باش
بە گەرووی حوزنی ئەو بولبولە سەرخۆشم
چەهچەهەی فرمێسکی خوێنینی تەنهایی و
بینی قوڵی خەمی قوڵپ ئەداو
ئەمن تەنها
ئەمن چیمە لەو خاکەی کە نەهاتە و
لەو هاتەی کە تۆی تیانیت
چیمە لەو قورینگانەی دەڕۆن و
دەڵێن عومرێکمان خەسار کە تیایدا بووین و
خەسارتر بە شوێنێک دەچین
ناتوانین کراسی ڕەشی ئەو سوتەمەڕۆیە فڕێ دەین
کە خۆمان و مێژوومانی سووتاند.
٢٠٠٨/٨/١٤

